
# ڕۆبۆت و کرۆنا

**لـە سـەردەمی کرۆنـادا ڕۆبۆتـەکان ڕۆڵێکـی گرنگیـان گێـڕا، چ ئـەو ڕۆبۆتانـەی کـە پێشـووتر بـۆ مەبەسـتی تایبەتـی بەرهـەم هاتبـوون و چ ئـەو ڕۆبۆتانـەی دواتـر و تایبـەت بـەو پەتایـە بەرهـەم هاتـن. دەکرێ بڵێیـن ڕۆبۆتـەکان وەك پاڵەوانـی سـەرەکی و خێرا بـۆ بەربەرەکانی لەگـەڵ ئـەم ڤایرۆسـە دابندرێـن کـە زۆر جێگای متمانـەن. لێرەدا ئامـاژە بـە چەنـد ڕۆبۆتێـك دەکەیـن.**



## ڕۆبۆتی جۆری zora bots

ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان ڕۆبۆتـی جۆری zora bots کە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەلژیکـی بەرهەمهاتـووە، بـۆ وڵاتـە هەژارەکانـی ئەفریقـا ناردووە. ئـەم ڕۆبۆتـە لـەم وڵاتانەدا ڕۆڵـی دکتۆری بینیـوە. بـە زمانی ئـەو وڵاتانانە دواوە و ڕێنوێنیـی خۆپارێـزی پێداون. جگە لـەوەش دەستنیشـانی نەخۆشـییەکەی کـردووەو و لەسـەر شاشـەی تایبـەت بەخـۆی نیشـانی داوە. هەروەهـا دەستنیشـانی ئـەو کەسـانەی کـردووە کە دەمامك نابەسـتن. ئەرکی بەڕێکردنی دەرمان بۆ نەخۆشخانەکانیشان ئەنجامداوە.




## ڕۆبۆتی جۆری cloud ginger

ڕۆبۆتـی جۆری کلۆد جێنجەر(cloud Ginger) کە لەلایەن کۆمپانیای cloud minds بەرهەم هاتووە، هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵی گرنگی گێڕا و لە شاری (وهان)ی چین بەقەد دکتۆرەکان هەڵسوڕانی هەبوو.

ئـەم ڕۆبۆتـە سـەرەڕای ئامـۆژگاری و ڕێنوێنـی کردنـی نەخۆشـەکان، کاتەکانـی خـواردن و دەرمـان خواردنـی بیـر دەخسـتنەوە، تـای نەخۆشـەکانی دەگـرت و زانیاریـی تایبـەت بـە نەخۆشـەکانی بـۆ ناوەندێکـی چاوەدیـری بـەڕێ دەکـرد.







# مەچەکبەندێک دەتپارێزی لە کۆرۆنا

یەکێك لەو هۆکارانەی وا دەکات تووشی پەتای کۆرۆنا و پەتاکانی دیکە بی، دەستدان لە رووخسار و دەم و ددانە. لەم ماوەیەدا مەچەکبەندێکی تایبەت بە خۆپارێزی و بەرگری کردن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرهەمهاتووە.

مەچەکبەندی slightly robot زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەرهەمهاتووە، کە هەمیشە بەبێ هۆ دەست لەدەم و ددانیان دەدەن. هەرکاتێك بەکارهێنەری مەچەکبەندەکە نیازی بێت دەست بۆ دەموچاوی بەرێت، لەرینەوەیەکی هەیە و ئاگاداری کەسەکە دەکاتەوە. لە درێژ مەودادا وای لێدێ کەس بەبێ هۆ دەست لە دەم و زاری خۆی نەدات.

## رۆبۆتی جۆری Beam pro

لە نەخۆشخانەیەکی گەورەی سەنگاپوورە لە رۆبۆتی جۆری Beam pro سوود وەردەگیرێ. ئەم رۆبۆتە بۆ دابینکردنی خۆراك دانی خواردن بە نەخۆشەکان سوودی لێدەبینن. تەنانەت پشکنینی وردی ئەو کەسانە دەکات کە جێگای گومانن.

دکتۆر و پەرستارەکان لە رێگای دوورەوە رۆبۆتەکە کۆنترۆڵ دەکەن و دەتوانن بەهۆی ئەو شاشەی بە رۆبۆتەکەیەوە چاودێریی وردی نەخۆشەکان بکەن. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت، ئەم رۆبۆتە بۆتە هۆی ئەوەی کە دکتۆرەکانمان باشتر و بێ مەترسی چاودێریی نەخۆشەکان بکەن و بێ ئەوەی خۆیان تووشی ئەو پەتایە بن. رۆبۆتی ناوبراو جگە لە چاودێریی نەخۆشەکان، ئەرکی خاوێن راگرتنی ژوورەکانیش ئەنجام دەدات.





# تەکنەلۆژیا لەسەردەمی کۆرۆنادا

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوە یەکەم پەتا نییە کە گشتگیر بێ و هەموو شوێنێکی تەنیبێتەوە، بەڵام ئەوە یەکەم پەتایە کە رۆڵی تەکنەلۆژیای نوێ لە هەموو کاتەکانی دیکەدا بەرچاو و گرنگتر بێ.

مرۆڤەکان لە جیهانی واقیعیدا لێك دوورکەوتنەوە، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نزیکتر لەهەمیشە! کۆرۆنا تەواو بازاڕی ئابووری جیهانی داڕوخاند، بەڵام تەکنەلۆژیای گەیاندن و راگەیاندن زیاتر بڕەوی سەند. هەموو شتێك بوو بە ئۆنلاین.. لە پەروەردە و خوێندنەوە بگرە، تا سیاسەت و هونەر و گشت لایەنیکی دیکەی ژیان.. ئەو وڵاتانەی کە زۆر نامۆ بوون بە تەکنەلۆژیای ئۆنلاین و گەیاندن، ناچار بوون خۆیان لەگەڵ رابێنن..

بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ، ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە، مۆبایل و کامێرا و کۆمپیوتەر و هەر شتێکی ئامێرێکی دیکەی نوێ لەبری بەدەست لێدان بکرێن و دابخرێنەوە، سیستەمێکی نوێتر داهێنن کە پێویست نەکات بەکارهێنەر دەست لە ئامێرەکان بدات، هەتا لە داهاتوودا ڤایرۆسەکانی هاوشێوەی کۆرۆنا لەو ڕێگەیەوە نەگوازرێنەوە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چۆن بتوانم وێنە و ڤیدیۆکانی ناو ئینستاگرام دابەزێنمە سەر مۆبایلەکەم؟**

خوێنەری بەڕێز ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر هەن بۆ دابەزاندنی وێنە و ڤیدیۆکان، ئێمە لێرەدا ئاسانترین ڕێگا هەڵدەبژێرین. سەرەتا پرۆگرامی FastSave کە هەر ناوەکەشی بەخۆیەوەیە واتە خێرا خەزن کردن، لە گوگل پلەی دابەزێنە. پاش دابەزاندن کە کردتەوە، فەرمانی open Instagram هەڵبژێرە. دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە کە لەسەرەوە سێ خاڵی بەشێوەی ستوونی تێدا دەبینێ، دوای ئەوە فەرمانی Copy link لێدە و ئەوکات بەشێوەی ئۆتۆماتیکی وێنەکان لە گەلەری مۆبایلەکەتدا هەڵدەگیردرێن.

# کیبۆردێکی ناوازە ب

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان لە کۆمپیوتەردا ئامرازێکی لاوەکی گرنگە. دەکرێت بڵێین ئامرازی سەرەکییە. چونکە بەبێ کیبۆرد بەکارهێنەر ناتوانێت هیچ ئەرکێك لەسەر کۆمپیوتەرەکە ئەنجام بدات.

لەم ماوەیەدا کیبۆردێکی ناوازەی هەمە کارە بەناوی DK-K1 Keyhub بەرهەم هاتووە، کە لەگەڵ ئەوەیدا ستایلەکەی سەرنج ڕاکێشە و کێشی کەمە و قەوارەی لە ئاست کیبۆردی دیکەدا بچووکە، بەڵام زۆر ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدا.

لەم کیبۆردەدا هەموو ئەو پۆرت واتە کەلێنی دانانی کێبڵەکانی سەر کۆمپیوتەری تێدایە. بەکارهێنەر پێویست ناکات سوود لەو پۆرتانەی کۆمپیوتەر وەربگرێ، چونکە لە کیبۆردەکەدا هەموو پۆرتێکی تێدایە. پۆرتی دانانی سێ USB و هەروەها دانانی میمۆری کارت، دانانی





## ماڵپەڕێک بۆ وەرگرتنی وێنە

ماڵپەڕی گرنگی گوگڵ وەك هەنبانە بۆرینە وایە و ئەوەی دەستی بۆ بەرێ تێیدایە. بەڵام گوگڵ زیاتر بەدواداگەڕانەکەی ڕەمەکییە و خۆت دەبێ لەنێوان هەزاران وێنە و بابەتدا ئەوەی مەبەستە بدۆزیەوە. چەند ماڵپەڕێکی گرنگی دیکە هەن کە تەنیا تایبەتن بە وێنە، ئەویش وێنە بە کوالیتی بەرز، یەکێك لەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی https://www.pexels.com/ە. ئەم ماڵپەڕە گەورەترین بانك و کۆگای وێنەکانە. ماڵپەڕی ناوبراو لە هەموو ماڵپەڕەکانی دیکە وێنەکان کۆدەکاتەوە. وێنەکان بەپێی ڕیزبەندی لە بۆکسی بەدواداگەڕانەکەدا هەن، یانی بەکارهێنەر پێویست ناکات بەدواگەڕانێکی گشتی لێبدا، دەتوانێ بەشی مەبەستی خۆی بدۆزێتەوەو پاشان بەدواداگەڕان بکا.




# کڵاوی زیرەک تایبەت بە کۆرۆنا

لە سەردەمی کۆرۆنادا چەندین، جیهانی تەکنەلۆژی ئەوپەڕی توانای خۆی خستۆتەگەڕ کە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێ و کاریگەری ئەم پەتایە کەم بکاتەوە.

کڵاوێکی سمارت بەرهەم هاتووە کە وەك دەمامکێکی خۆ پارێزی لەسەر پاسەوانانی فڕۆکەخانە و شوێنە گشتییەکان دەکرێ. ئەم کڵاوە دوو کامێرای لەسەرە، یەکێکی ئاسایی و یەکێکی دیکە کە دەستنیشانی تاو گەرمی دەکا. هەرکەسێك تای لەسەری بێ کە یەکێکە لە هێماکانی پەتای کرۆنا، کڵاوەکە دەستنیشانی دەکات و پێویستی بە ئامێری دیکە نییە بۆ دەستنیشانکردن. ئێستا ئەم کڵاوە سمارتە لە زۆر لە فڕۆکەخانەکانی جیهان بەمەبەستی تاقیکاری سوودی لێوەردەگیرێت..

## ـــــــــۆ هەموو کارێک

USB mini بۆ مۆبایل، دانانی کێبڵی HDMI بۆ تیڤی و کۆمپیوتەری دیکە...تاد. لە یەك کاتدا لەسەر دوو کۆمپیوتەر دادەنرێت. لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە. گلۆپی LED بۆ ئەوەی کە هەم جێگای سەرنج بێ و هەم بەکارهێنەر لە شوێنی تاریکدا بێ گرفت دوگمەکان ببینی لە کیبۆردەکەدا هەیە. بۆ هەموو سیستەمەکان دەگونجێ، واتە ویندۆز، ئەندرۆید و ماك....

